# ئینتەرنێت.. ژوانگەی حەزە شاراوەکان

ڕێپۆرتاژی: دڵشاد کاوانی



سـوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت بۆتە سـەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هەموو ئەوانـەی دەیانـەوێ پلەی زانیارییـان لە هەمـوو ڕویێکـەوە بەرەوپێش ببـەن، لەگەڵ ئەوەشـدا لەلای هەندێـك گەرانە بەدوای حـەزو ئارەزووە خەفەکراوەکانیاندا کە کابینەکان باشترین شوێنن بۆ ئەو ئارەزووانە، ئێستا لە کوردستان ئینتەرنێت تەنها لەسەنتەرەکان نییە، بەڵکو لەفەرمانگاکان، لە ماڵەکان تەنانەت لە مۆبایلەکانیشدا دەتوانی سەردانی بکەیت، لەو ڕیپۆرتاژە هەوڵماندواە لەسـەر شـێوازی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلای هاموشۆکارانی بخەینەروو.

"هێمن قادر" مێردمنداڵێکی حەڤدە سـاڵانە، خۆی لەسـوچی کابینەیەکی یەکێك لە سـەنتەرەکانی ئینتەرنێت نابوو خەریکی سـەیرکردنی سـایتەکان بوو. هێمن باوکی فەرمانبەرەو دایکی مامۆسـتایە خۆیشـی خوێنـدکاری ناوەندیە، کەچی ڕۆژانە پێنج تا شەش کاتژمێر خەریکی بەکارهێنانی ئینتەرنێتە، هەموو ئەو ماڵپەرانەی کە هێمن بە کاری دەهێنێت، ئەو سایتانەن کە لەسـەرووی تەمەنی هەژدە ساڵەوەن، بۆ ئەو شیاونینەو دەڵێ: "لەهەندێك سـەنتەرو کافینێتانە ڕێگەمان پێنادەن بە ئارەزووی خۆمان ئینتەرنێـت بەکاربهێنین و چاودێریمان دەکەن، بەڵام من ڕوو لەو شوێنانە دەکەم کە خاوەنەکەی هەقی نیە بەسەرمەوە".

چـاك دەزانـین کـە ئینتەرنێـت یەکێکـە لـە بەرهەمـە پێشـکەوتووەکانی دونیای تەکنەلۆژیا، کە لە پرۆسەی جیهانگیری نوێدا توانیویەتی جیهان بە ئاسانترین شێوە بەیەکەوەببەستێتەوە، هەروەها خێراترین زانیاری لـە کورترین ماوەدا لە نێوەندەکان و یاخود لەنێوان تاکەکەسی ئاڵوگۆربکات، جگەلەوەی دەتوانرێت لە زۆربەی کاروباری ڕۆژانەدا ئەو کەسـەی بەکاری دەهێنێت سودی لێوەربگیرێت، بە هەمان شـێوەش خـراپ بەکارهێنانی چەندین سەنتەر و زیانی ماددی و مەعنەوی لێدەکەوێتەوە.

"محەمـەد نوری" گەنجێکی بیسـتوحەفت سـاڵەیەو خاوەنی هێڵـی ئینتەرنێتـە کـە لەرێگەی هێڵـی تایبەتـی تەلەفۆنەوە، بەکاریدەهێنێت و زۆرترین کاتی بەدیار چاتکردن و گفتوگۆکردنە لەگەڵ ئەو کەسـانەی کە نایانناسێت لە هەرشوێنێکی دونیا بێت، یاخود خەریکی بەستنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و هەندێك جاریش خۆشەویستییە، وای خستە ڕوو: "بۆماوەی سێ ساڵ بەبەردەوامی لەگەڵ کچێکی میسـری پەیوەندی خۆشەویستیم هەبووە، کەچی دواجـار کوڕ دەرچوو". محەمەد ئەمە نیگەرانی ناکات و پێی وایە دەتوانێت لەرێگەی چاتکردن ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت.

لەلایەکـی ترەوە "نازەنین عەلی" خوێندکاری قۆناغی چوارەمی زانکۆیـە، زۆربەی ئەو زانیاری و سـەرچاوانەی کە بۆ لێکۆڵینەوە ساڵانەی خوێندن لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە وەردەگرێت، سـودێکی زۆری لێدەبینێت و وتی: "بەداخەوە خوێندکاری واهەیە تاوەکو ئێستا نازانێت بەدروستی ئینتەرنێت بەکاربێنێت، کەچی پـڕە لەزانسـت و زانیاری تازە". نازەنین ئەمەشـی بـۆ نەبوونی

بەشێکی زۆری بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە کوردستان خەریکی ماڵپەڕە سێکسیەکان و چاتکردن و کات بەسەر بردنن









ماڵپەرە سێکسیەکان و چاتکردن زۆرترین رەواجیان هەیە".

"رێبین رەشید" فەرمانبەری کۆمپانیاییێکی بازرگانیە، زۆربەری گرێبەستەکانی بازرگانی یاخود رێکلامکردن بۆکاڵاکانیان لەرێگەی ئەو ماڵپەرەیە کە لەسەر ئینتەرنێت هەیانە، رێبین پێیوایە باشی و خراپی ئینتەرنێت دەگەرێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە بەکاری دەهێنێت و وتی:"ئێمە زۆربەی کارە بازرگانیەکانمان لەرێگەی پەیوەندیکردن بە کریاران بە ئیمێڵەوە دەبێ، ئەگەر لەو سەری دونیا بێت دەتوانین بە ئاسانترین رێگە پەیوەندی ببەستین".

لە کاتێکدا چەندین کافینێت و سەنتەری ئینتەرنێت لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەن و خۆی خزاندۆتە نێو گشت دام و دەزگاکان بگرە و زۆربەی ماڵەکانیشی گرتۆتەوە، سەبارەت بە چۆنیەتی بەکاربردن و سودمەندبوونی خەڵک لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ پەیوەندی کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و زانستی لە کوردستان.

"تەحسین خالید" خاوەنی سەنتەری ئینتەرنێتی بەهرە بە هاوکاری سەنتەری هۆشیاری تاک بۆفێرکردن و راهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە هەولێر وتی:" لای ئێمە مانگانە چەند خولێک دەکرێتەوە بۆ راهێنان و فێرکردنی هاوڵاتیان". لەهەمان کاتیشدا ئاماژەیدا:"ئەو کەسانەی روو لە ئێمەدەکەن، فێری هۆشیاری و چۆنیەتی باش بەکارهێنانی ئەم ئامێرەیان دەکەین و هەروەها زیانی خراپ بەکارهێنانیان بۆ روون دەکەینەوە". سەبارەت بەو منداڵانەی تەمەنیان لە خوار رێژەی یاساییە تەحسین وتی:"ئێمە رێگە بەهەموو منداڵێك نادەین کە لە خۆیەوە روو لە قاوەخانەکەمان بکات و ئینتەرنێت بە کاربهێنێت، ئەگەر سەرپەرشتیار و کەسێکی خێزانەکەی لەگەڵ نەبێت".

ئینتەرنێت لە قوتابخانەکان و شارەزای نەبوونی ئەو خوێندکارانەی کە لەدوای شەشەوە روو لە زانکۆکان دەکەن، بۆیە داوا لە وەزارەتی پەروەردە دەکات کە بتوانن خوێندکاران لە قوتابخانەکانیاندا کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتی بۆدابین بکرێت لەرووی سیستەمی پەروەردەشەوە گرنگی زیاتری پێبدرێت، پاشان وتی:"ئینتەرنێت لە کوردستان تەنیا بۆکات بەرێکردن و رابواردنە".

ئەندازیار "فەرهاد نەجمەدین" یەکێکی ترە لە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی، ئەو پێیوایە بە کارهێنانی ئینتەرنێت لە کوردستان بە ئاقارێکی زۆر خراپ دەروات، بەرای فەرهاد زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەشدارییان لە هێڵی ئینتەرنێتدا کردووە بۆ پسپۆری و شارەزایی لە کاری خۆیان بە کاریناهێنن، بەڵکو تەنیا خەریکی چاتکردن و کات بەسەربردنن، تەنانەت بە خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەکانیشەوە، بۆیە فەرهاد دەڵێ:" لە کوردستان